حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
بەڕێوەبەرایتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی
بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پەروەردەو خوێندن وڕۆشنبیری

# دۆخی خەرجی وپارەدارکردنی خوێندنگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بە پەیڕەو کردنی سیستەمی لامەرکەزی

ئامادەکردنی
نیاز محمد مولود
محمد لەتیف قادر
ستار عبدالجبار جامی
کوردین احمد عنتر
2013

## پێشەكی

ئەم توێژینەوەیە باس لە دۆخی خەرجی وپارەداركردنی خوێندنگاكانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و پەیڕەو كردنی سیستەمی لامەركەزی دەكات.

لە دانانی بودجەو پلانی ستراتیجی ئابووری وكۆمەلآیەتی كوردستاندا پێویستە رۆلی سیستیمیانەی پەروەردەو فێركردن وەك سێكتەری یەكەم تەماشا بكرێت، چونكە وولآتانی پێشكەوتوو بەوە دەناسرێنەوە كە خاوەن سیستەمێكی فێركردنی بەهێزن، بە هۆی ئەوەی زۆربەی بوودجەو سامانی ئەو وولآتانە تەرخانكراوە بۆ پەیكەری ئیداری گەورەو هێزی ناوخۆو سوپا , لە بەرامبەر كەرتە بەرهەمداریەكان لە ناویاندا كەرتە هەرە سەرەكیەكەی بەرهەمهێنانی مەعریفە كە كەرتی پەروەردەو فێركردنە لە پەراوێزدایە و یەك رەهەندی تەقلید ونەگۆران زاڵە بەسەریاندا. لەپاڵ ئەو دۆخە ئابووری و كۆمەلآیەتی و تەكنەلۆژیایەی باشەی كە هەرێمەكەمانی لە ئێستادا گرتۆتەوە كەچی گرفتی خراپی خزمەتگوزاری و نەبونی بودجەی دیاری كراو ( استقلال المالی ) ێشتا بە مەترسیەك لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێركردن ئاماژەی بۆ دەكرێ. مەبەست لەم توێژینەوەیە ئەوەیە كە تاچەند ئەو سیستەمە دەرهاوێشتەی پۆزەتیفی دەبێت بۆ خوێندنگاكان بە پلەی یەكەم بۆ بەهێزكردنی پرۆسەی پەروەردەیی وپێشخستنی لە هەرێمی كوردستاندا .وەهەروەها پراكتیزە كردنی ئەو سیستەمە تا چەند بوارەكانی خزمەتگوزاری لە خوێندنگاكان چارەسەر دەكات وە كوالیتی ئەو خزمەتگوزاریانە بەرز دەكاتەوە .وەهەروەها سەربەخۆیی دارایی خوێندنگاكان تا چەند لەرووی ئابووریەوە تێچوەكان كەم دەكاتەوە .ئەمانەش هەمووی بەئامانجی پەیڕەوكردنی سیستەمێكی نوێیە لە شۆركردنەوەی دەسەلآتەكانی خەرجكردن لە لوتكەوە بۆبنكە بەشێوەی دیاری كردنی بوودجەی هەریەك لە قۆناغە جیاجیاكانی خوێندن لەباخچەی ساوایان تا دەگاتە قۆناغەكانی دواناوەندییەكان وپەیمانگاكانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە.

## بەشی یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان :

### باسی یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوەکە:

### گرفتی توێژینەوە:

دیاریکردنی گرفت یان کرۆکی ئەو بابەتەی توێژەر دەیەوێت قسەی لەسەر بکات ، بە یەکێك لە هەنگاوە بنچینەییەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی دادەنرێت، چونکە سەرەتایەکی دروست دەداتە توێژەر و هەر لەدەستپێکەوە دەزانرێت پرسی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە چیەو توێژەر بە دوای ساغکردنەوەی چ بابەتێکدا دەگەڕێ، دەبێ لە توێژینەوەدا پرسی سەرەکی لە بابەتە لاوەکیەکانی تری ناو توێژینەوەکە جیا بکرێتەوە وپوختە بکرێت و بە روونی دیاری بکرێت، گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە خوێندنەوەی دۆخی خەرجی ودارایی خوێندنگاکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە و شێوازی دابەشکردنی بوودجەی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان ، کاتێ ئامانج و فەلسەفەی وەزارەتی پەروەردە دارشتنی کیانی مرۆڤ بێت وە هەروەها پرۆسەی پارێزگاریکردن و گواستنەوەی کەل وپەلی کۆمەلأیەتی کۆمەلگا ، بە واتایەکی تر گواستنەوەی کەلوپەلی کۆمەلأیەتی بۆ رۆلەکانی کۆمەلگا لە باوکانیانەوە لە شێوەی چوارچیوەیەکی ئاساندا هەروەها پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی منداڵ وگەنجان و خزمەتکردنی ژینگە وکۆمەلگاییە .ئەو توێژینەوەیە رووماڵی ئەو پرۆسێسە دەکات کە بۆ بنبڕکردنی گرفتی خراپی خزمەتگوزارییەکان.

بە شێوەیەکی گشتی نەبونی بودجەیەکی دیاری کراو ( استقلال المالی ) لە قوتابخانەو خوێندنگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا. توێژینەوەکە بەشێك لە تەوەرەکانی تەرخان دەکات لە پێناو ناسینی ئەو رێکارییانەی کەلە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمەوە بەرێوە دەچێت و خوێندنەوەیەکی تەواو بۆ شێوازی دابەشکردنی بوودجە دەکات بەسەر قوتابخانە وخوێندنگاکاندا.

## گرنگی توێژینەوەکە :

گرنگی و بایەخی هەر توێژینەوەیەك لە بەشداربوونی ئەو توێژینەوەیەدا بەدەر دەکەوێت لە پرۆسەی گەشەکردنی زانست لەو کۆمەڵگایە لە پێناو خزمەتکردنی، ئەمرۆ کۆمەڵگای کوردستانی بە گشتی بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، هەر هەوڵێك بۆ بە دامەزراوەیی کردن و کارکردن بە پێی یاسا و دەستوورێکی دیاریکراو لە هەر دامودەزگا و دامەزراوەیەکی حکومەتدا هەنگاوێکی بۆ بهاوێشتریێ، تەکانێك دەداتە پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی لە کۆمەڵگای کوردیدا، یەکێك لە گرنگیەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕەخساندنی زانیاری زیاترە بۆ ناساندنی چەمکی خەرجی ودارایيە وچۆنیەتی دابەشکردنی بوودجەی وەزارەتی پەروەردەیە بەسەر قوتابخانەو خوێندنگاکانی . هەروەها لە رووی پراکتیکیەوە دەکرێ لە وەزارەتی پەروەردە , میکانیزمەکانی خەرجی وداراییەکان لەبەر ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا بە پێی راسپاردە و پێشنیارەکانی بە کردەوە هەنگاوی باشترکردنی بۆ بدرێت.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە پەیرەو کردنی سیستەمێکی نوێیە لە شۆرکردنەوەی دەسەڵاتەکانی خەرج کردن لە لوتکەوە بۆبنکە بە شێوەی دیاری کردنی بوودجەی هەریەك لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن .

بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستە زانستیانە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

أ-دابەشکردنی بودجەی وەزارەتی پەروەردە بەسەر بەڕێوەبەرایی تیە گشتیەکان چۆن بەرێوە دەچێت؟

ب-بڕی ئەو بودجەی کە بەرێوەبەرایی تیە گشتیەکان وەریدەگرن چەندە و تا چەند گونجاوە لەگەڵ پێداویستیەکانیان ؟

ت-ئایا هیچ دامەزراو و لایەنی تر جگە لە وەزارەتی پەروەردە هاوکاری قوتابخانەو خوێندنگاکان دەکەن ؟

## هۆكارەكانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

1-لاوازی خەرجی پەروەردەو فێركردن لە بوودجەی گشتی هەرێمی كوردستاندا ,ئەو بودجەی كە بۆ ئەم كەرتە تەرخان كراوە لە ئاست پێویستییەكانی وگەشەو پاڵەپەستۆكانی سەر ئەم كەرتە نەبووە لە نمونەی زیاد بوونی دانیشتوان وزیاد بوونی رێژەی قوتابیان وخوێندكاران بە ئاستێكی زۆر .

2-خزمەتگوزارییە پێویستەكانی لە زۆرێك لە قوتابخانەو خوێندنگاكان كەمن یاخود نین.

## باسی دووەم: دیاریكردنی چەمكەكان:

پێناسەی چەمك وزاراوە زانستییەكانی هەر توێژینەوەیەك بە یەكێك لە پێویستیە میتۆدیەكان دادەنرێت. هەرچەند پێناسەكانیش بە ووردی و بەروونی ئەنجامدرابێت هێندەش خوێندنەوە و تێگەیشتن لە توێژینەوەكە بۆ خوێنەرانی ئاسانتر و روونتر دەبێت و توێژەریش زۆرتر بیری خۆی دەگەیەنێت. لەم توێژینەوەیەشدا ئەو چەمكانەی بە پێویست زانراون روون بكرێنەوە، ئەوانەی خوارەوەن :

## 1- سیستەمی لامەركزی

بە شێوەكی گشتی سیستەمی لامەركزی رەتكردنەوەی مەركەزیەت نییە , هەردوو سیستەمەكە بۆبەرێوەبردنی وولآت پێویستن , چونكە دووجۆر ئەرك هەیە لە هەر وولآتێكدا ئەركی خزمەتگوزاری وئەركە نیشتمانییەكان , ئەوانەی رەهەندی نیشتمانی سەرتاسەریان هەیە ئەوانە بەمەركەزی بەرێوە دەبردرێن وەكو ئاسایش و بەرگری ودارایی وپەیوەندیەكان , بەڵام ئەركە خزمەتگوزارییەكان لە بواری پەروەردەو تەندروستی ورێگاوبان وكشتوكاڵ ولایەنە خزمەتگوزارییەكان ناكرێت لەپایتەختەوە بەرێوە ببرێن دەبێت بە ئەنجومەن ودەستە هەڵبژێردراوانەی ناوچەكان بسپێردرێن .

جێبە جێ كردنی سیستەمی لامەركەزیەت لە بەرێوەبردندا بە دوو شێواز دەكرێت :

**شێوازی یەکەم :**

بەپێی یاسا دەسەڵاتەکانی هەموو فەرمانگەو کارمەندەکانی ڕێك دەخرێن و بە جۆرێکی سیستەماتیك هەموو ئەرك وکارەکان دابەش دەکرێن بەبێ ئەوەی تێکەڵکێشییەك یان دژاتییەك لەنێوانیاندا ڕوو بدات , یانیش لایەنی سەرەوە بتوانێت دەست لە کارە داڕێژراوەکانی خوارەوەی خۆی وەربدات .

**شێوازی دووەم :**

لەپەیڕەو کردنی سیستەمی لامەرکەزیەتدا کاربەدەستە دەسەڵاتە باڵاکان هەندێك لە دەسەڵاتەکانیان بەرەو لایەنەکانی خوارەوەی خۆیان شۆڕدەکەنەوە وبەپێی ویست وئارەزوەکانیشیان دەستنیشان دەکەن و بەردەوام لە دوورەوە چاودێری وبەدواداچونیان بۆ دەکەن ولەکاتی پێویستدا دەستکاری دەکەن چونکە هەمیشە ڕێژەیەکی دەسەڵاتە بەخشپێکراوەکان لای خۆیان دەمێنێتەوە و بەشێوەیەك لە شێوەکان لێی بەرپرسن .

**لایەنە باشەکانی لامەرکەزیەت:**

- ئەرکی سەرشانی ناوەند (دەسەلاتی باڵا) لەڕووی خزمەتگوزارییەوە سووك دەکات بۆ ئەوەی ئەرکە ستراتیژییەکانی بەرێوەببات.
- کاریگەری دەبێت لەکەمکردنەوەی ڕۆتین لەکاروبارەکان .
- دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتەکان

## 2- خەرجی گشتی :

بریتیە لە گوژمەیەکی نەختینەیی لە ئەستۆی دارایی دەوڵەت دەردەچێت لە پێناو تێرکردنی پێداویستیە گشتییەکان.

## 3- دارایی گشتی:

ئەو زانستەیە کە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی هۆکاری دارایی لە خەرجی گشتی وداهاتی گشتی دەکۆڵێتەوە بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی ئامانجە هەل قوولاوەکانی فەلسەفەی سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی ودەوڵەت.

## 4- مەرجەکانی سیستەمی لامەرکەزی

* بوونی بەرژەوەندی و تایبەتمەندەی دیاریکراوی هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندندا بەنموونە سورشتی قۆناغەکانی خوێندن لەرووی ژمارەو ئاست وشوێنی جوگرافی , بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندیانە ئەنجومەنێك بۆ بەرێوەبردنی ئەم کارانە دابنرێت.
* هەڵبژاردنی ئەم ئەنجومەنانە چوبێتە ژێرباری ئەو دانپێدانانەی کە تایبەتمەندی قۆناغەکانی خوێندن لەبەرچاوبگرێت لەرووی ژمارەو ئاست وشوێنی جوگرافی.
* سەربەخۆیی ئەم ئەنجومەنانە لەژێر چاودێری وەزارەت و دەسەلاتی دەستەی کارگێری قوتابخانەکان بێت.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە  لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان  بەدەستمان گەیشتووە لە دەرئەنجامی ئەو راپرسییەی کە ئەنجامماندەوە بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن باس لە هەموو ئەو کێشەو گرفتانە دەکات کە سالآنە کارگێری قوتابخانەکان بەرنگاریان دەبنەوە لە بواری بوودجەو خەرجیەکاندا وە هەروەها ڕاو دیدیان سەبارەت بەم پرسە بۆ مەبەستی چارەسارکردنی کێشەکان و بەرەو پێشچونی پرۆسەی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا .

سەبارەت بە پارێزگای هەولێر ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (  1) بکەین بۆمان روون دەبێتەوە کەتا ڕادەییەك رەگەزی نێرو مێ وەك یەك پەیوەندیان بە قۆناغەکانی خوێندن کردووە تەنانەت لە قۆناغی پیشەیی نەبێت کە ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێینە ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە ڕەگەزی مێینە زیاتر خۆیان عەودالّی ئەم قۆناغە نین. وە هەروەها ئەگەر سەیری ئەم بڕە بوودجەیە بکەین کە دابین کراوە بۆ قۆناغەکانی خوێندن وە بەراوردی پێ بکەین لەگەلّ  ژمارەی قوتابیان دەبێنرێت کە نایەکسانی هەیە و هەروەها بەشێوەیەکی هەرەمی ئەم بڕە پارە دابەشدەکرێت . وەهەروەها بە رێژەیەکی یەکجار زۆر لەم سەردەمەی جیهانگیریدا نەتوانراوە سوود لە تەکنۆلۆجیای زانیارە وەربگیرێت بۆ ڕاپەراندنی کارەکان.

## خشتەی ژمارە(1)

| ژ | نیشاندەر | جۆری نیشاندەر | باخچەی ساوایان | سەرەتایی + بنەڕەتی | ئامادەیی | پیشەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | **قۆناغەکانی خوێندن لە پارێزگای هەولێر** | | | |
| 1 | ژمارەی قوتابیان | نێر | 30 | 384 | 80 | 219 |
| | | مێ | 34 | 319 | 93 | 34 |
| 2 | ژمارەی مامۆستایان | نێر | | 14 | 12 | 32 |
| | | مێ | 6 | 16 | 8 | 22 |
| 3 | دابینکردنی پێداویستیە لاوەکیەکان لەلایەن وەزارەتەوە | بەڵێ | | 18% | | |
| | | تارادەیەک | 100% | 65% | 80% | 17% |
| | | نەخێر | | 17% | 20% | 83% |
| 4 | چۆنیەتی خەرجکردنی بوودجە | سالانەیە | 100% | 19% | | |
| | | مانگانەیە | | | | |
| | | هەفتانەیە | | | | |
| | | نیە | | 65% | 60% | 17% |
| | | نازانم | | 16% | 40% | 83% |
| 5 | چۆنیەتی دابینکردنی بوودجە | دانیشتنی هاوبەش | | | | |
| | | لەسەرەوە دێت | 100% | 53% | 100% | |
| | | لەلایەن خۆتانەوە | | 39% | | 17% |
| | | نازانم | | 8% | | 18% |
| 6 | بڕی بوودجەو هەڵسەنگاندنی | بڕ / دینار | 200 | 975 | 720 | |
| | | بەشدەکات | | | | |
| | | بەشناکات | 100% | 100% | 100% | |
| | | نازانم | | | | 100% |
| 7 | هەبونی پلانی ساڵانە لە بواری بوودجە | بەڵێ | | | 40% | |
| | | نەخێر | 100% | 100% | 60% | 100% |
| 8 | ئەو بڕە بوودجەیە چەندە کە ساڵانی بەشی باخچەکەتان دەکات / دینار | | 3.000.000 | 5.570.000 | 4.000.000 | 10.000.000 |
| 9 | سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای زانیاری | باش | | | | |
| | | ناوەند | | | | |
| | | خراپ | | | 20% | |
| | | هیچ | 100% | 100% | 80% | 100% |

سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە ( 2) بکەین بومان روون دەبێتەوە کەتا ڕادەییەك رەگەزی نێرو مێ وەك یەك پەیوەندیان بە قۆناغەکانی خوێندن کردووە تەنانەت لە قۆناغی پیشەیی نەبێت کە ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێینە ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە ڕەگەزی مێینە زیاتر خۆیان عەودالی ئەم قۆناغە نین. وە هەروەها ئەگەر سەیری ئەم بڕە بوودجەیە بکەین کە دابین کراوە بۆ قۆناغەکانی خوێندن وە بەراوردی پێ بکەین لەگەڵ ژمارەی قوتابیان دەبێنرێت کە نایەکسانی هەیە و هەروەها بەشێوەیەکی هەرەمی ئەم بڕە پارە دابەشدەکرێت , هەرچەندە بە رێژەی 74.5٪ گشت قۆناغەکانی خوێندن پلانی ساڵانەیان هەیە بۆ بواری بوودجە.

## خشتەی ژمارە(2)

| قۆناغەکانی خوێندن لە پارێزگای سلێمانی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | نیشاندەر | جۆری نیشاندەر | باخچەی ساوایان | سەرەتایی + بنەڕەتی | ئامادەیی | پیشەیی |
| 1 | ژمارەی قوتابیان | نێر | 45 | 226 | 668 | 420 |
| | | مێ | 58 | 226 | 730 | |
| 2 | ژمارەی مامۆستایان | نێر | 12 | 12 | 16 | 69 |
| | | مێ | 12 | 30 | 22 | 43 |
| 3 | دابینکردنی پێداویستیە لاوەکیەکان لەلایەن وەزارەتەوە | بەڵی | | 10% | | |
| | | تارادەیەك | 50% | 37% | 75% | 100% |
| | | نەخێر | 50% | 53% | 25% | |
| 4 | چۆنیەتی خەرجکردنی بوودجە | سالانەیە | | 42% | 50% | |
| | | مانگانەیە | 100% | | | 100% |
| | | هەفتانەیە | | | | |
| | | نیە | | 48% | 25% | |
| | | نازانم | | 10% | 25% | |
| 5 | چۆنیەتی دابینکردنی بوودجە | دانیشتنی هاوبەش | | 21% | | |
| | | لەسەرەوە دێت | | 27% | 25% | 100% |
| | | لەلایەن خۆتانەوە | 100% | 32% | 12% | |
| | | نازانم | | 20% | 63% | |
| 6 | بڕی بوودجەو هەڵسەنگاندنی | بڕ / دینار | 1.200.000 | 4.637.500 | 4.500.000 | 900 |
| | | بەشدەکات | | 6% | | |
| | | بەشناکات | 50% | 58% | 50% | 100% |
| | | نازانم | 50% | 36% | 50% | |
| 7 | هەبونی پلانی ساڵانە لە بواری بوودجە | بەڵی | 100% | 68% | 50% | 80% |
| | | نەخێر | | 32% | 50% | 20% |
| 8 | ئەو بڕە بوودجەیە چەندە کە ساڵانە بەشی خوێندگاکەتان دەکات / دینار | | 16.000.000 | 10.750.000 | 15.000.000 | 10.000.000 |
| 9 | سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای زانیاری | باش | | 16% | 25% | |
| | | ناوەند | | | | |
| | | خراپ | | 31% | 75% | 100% |
| | | هیچ | 100% | 53% | | |

سەبارەت بە پارێزگای دهۆك ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە ( 3) بكەین بومان روون دەبێتەوە كەتا ڕادەییەك رەگەزی نێرو مێ وەك یەك پەیوەندیان بە قۆناغەكانی خوێندن كردووە. وەهەروەها ئەگەر سەیری ئەم بڕە بوودجەیە بكەین كە دابین كراوە بۆ قۆناغەكانی خوێندن وە بەراوردی پێ بكەین لەگەڵ ژمارەی قوتابیان دەبێنرێت كە نایەكسانی هەیە وهەروەها بەشێوەیەكی هەرەمی ئەم بڕە پارە دابەشدەكرێت , هەرچەندە بە رێژەی ٪90 گشت قۆناغەكانی خوێندن پلانی سالأنەیان هەیە بۆ بواری بوودجە.

## خشتەی ژمارە(3)

| قۆناغەکانی خوێندن لە پارێزگای دهۆك | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | نیشاندەر | جۆری نیشاندەر | باخچەی ساوایان | سەرەتایی + بنەڕەتی | ئامادەیی | پیشەیی |
| 1 | ژمارەی قوتابیان | نێر | 56 | 180 | 527 | |
| | | مێ | 52 | 124 | 580 | 175 |
| 2 | ژمارەی مامۆستایان | نێر | 1 | 40 | 19 | 15 |
| | | مێ | 6 | 41 | 39 | 22 |
| 3 | دابینکردنی پێداویستیە لاوەکیەکان لەلایەن وەزارەتەوە | بەڵی | | 20% | 50% | |
| | | تارادەیەك | 83% | 67% | 50% | 100% |
| | | نەخێر | 17% | 13% | | |
| 4 | چۆنیەتی خەرجکردنی بوودجە | سالانەیە | 100% | 27% | | |
| | | مانگانەیە | | 7% | | |
| | | هەفتانەیە | | | | |
| | | نیە | | 67% | 100% | 100% |
| | | نازانم | | | | |
| 5 | چۆنیەتی دابینکردنی بوودجە | دانیشتنی هاوبەش | | 7% | 13% | |
| | | لەسەرەوە دێت | 100% | 7% | | |
| | | لەلایەن خۆتانەوە | | 53% | 88% | 100% |
| | | نازانم | | 53% | | |
| 6 | بڕی بوودجەو هەڵسەنگاندنی | بڕ / دینار | 200 | 2.493.167 | 5.296.125 | 600 |
| | | بەشدەکات | | 8% | 38% | 100% |
| | | بەشناکات | 100% | 92% | 63% | |
| | | نازانم | | | | |
| 7 | هەبونی پلانی ساڵانە لە بواری بوودجە | بەڵی | 100% | 60% | 100% | 100% |
| | | نەخێر | | 40% | | |
| 8 | ئەو برە بوودجەیە چەندە کە ساڵانی بەشی باخچەکەتان دەکات / دینار | | 1.500.000 | 2.876.923 | 7.725.500 | 700 |
| 9 | سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای زانیاری | باش | | 13% | 25% | |
| | | ناوەند | | | | 100% |
| | | خراپ | | 27% | 25% | |
| | | هیچ | 100% | 60% | 50% | |

سەبارەت بە ئیدارەی گەرمیانەوە ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (4) بکەین بومان روون دەبێتەوە کەتا ڕادەییەك رەگەزی نێرو مێ نزیك لە یەکتر پەیوەندیان بە قۆناغەکانی خوێندن کردووە. وەهەروەها ئەگەر سەیری ئەم بڕە بوودجەیە بکەین کە دابین کراوە بۆ قۆناغەکانی خوێندن وە بەراوردی پێ بکەین لەگەڵ ژمارەی قوتابیان دەبێنرێت تا رادەیەك باشترە بەبەروارد لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان چونکە 71٪ توانرایە لەلایەن ب.گشتی پەروەردەوە پێداویستییە لاوەکیەکان بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن دابینبکرێت .

## خشتەی ژمارە(4)

| ژ | نیشاندەر | جۆری نیشاندەر | باخچەی ساوایان | سەرەتایی + بنەڕەتی | ئامادەیی | پیشەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **قۆناغەکانی خوێندن لە ئیدارەی گەرمیان** | | | | | |
| 1 | ژمارەی قوتابیان | نێر | 124 | 431 | 310 | 147 |
| | | مێ | 115 | 380 | 261 | 245 |
| 2 | ژمارەی مامۆستایان | نێر | | 26 | 22 | 20 |
| | | مێ | 26 | 28 | 13 | 4 |
| 3 | دابینکردنی پێداویستیە لاوەکیەکان لەلایەن وەزارەتەوە | بەڵێ | | | | |
| | | تارادەیەک | 100% | 50% | 83% | 50% |
| | | نەخێر | | 50% | 17% | 50% |
| 4 | چۆنیەتی خەرجکردنی بوودجە | ساڵانەیە | | 66% | 83% | 50% |
| | | مانگانەیە | 100% | | 17% | |
| | | هەفتانەیە | | | | |
| | | نیە | | 17% | | |
| | | نازانم | | 17% | | 50% |
| 5 | چۆنیەتی دابینکردنی بوودجە | دانیشتنی هاوبەش | 100% | 50% | 17% | |
| | | لەسەرەوە دێت | | | 49% | 50% |
| | | لەلایەن خۆتانەوە | | | 17% | |
| | | نازانم | | 50% | 17% | 50% |
| 6 | بڕی بوودجەو هەڵسەنگاندنی | بڕ | 2.868.000 | 3.000.000 | 3.000.000 | 1.000.000 |
| | | بەشدەکات | | | 17% | |
| | | بەشناکات | 100% | 83% | 83% | 50% |
| | | نازانم | | 17% | | 50% |
| 7 | هەبونی پلانی ساڵانە لە بواری بوودجە | بەڵێ | 34% | | 83% | 100% |
| | | نەخێر | 66% | 100% | 17% | |
| 8 | ئەو بڕە بوودجەیە چەندە کە ساڵانە بەشی باخچەکەتان دەکات / دینار | | 6.000.000 | 8.000.000 | 8.000.000 | 80.000.000 |
| 9 | سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای زانیاری | باش | | | | |
| | | ناوەند | 34% | | | |
| | | خراپ | | | 17% | 50% |
| | | هیچ | 66% | 100% | 83% | 50% |

ئەگەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان سەیری دەرئەنجامی نیشاندەرەکان بکرێت کە روونکراوەتەوە لە خشتەی ژمارە (5) بومان روون دەبێتەوە کەتا ڕادەییەك رەگەزی نێرو مێ وەك یەك پەیوەندیان بە قۆناغەکانی خوێندن کردووە . وە هەروەها وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان توانیوەیەتی تا ڕادەیەك بەرێژەی ٪ 69 پێداویستییە لاوەکیەکان بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن دابین بکات وە ٪ 65 قۆناغەکانی خوێندن بە هیچ شێوەیەك سوودی لە تەکنۆلۆجیای زانیاری وەرنەگرتووە بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان .

بڕی بوودجەی دابینکراو بۆ باخچەی ساوایان 1.117.000 / دینار کە بە رێژەی ٪ 88 بەشی پێداویستیەکانیان ناکات وە بۆ قوناغەکانی سەرەتایی وبنەڕەتی بڕی 2.776.641 /دینار دابین دەکرێت کە بە رێژەی ٪ 83 بەشی پێداویستیەکانیان ناکات وەهەروەها بۆ قۆناغی ئامادەیی بڕی 3.379.031 / دینار کە بەرێژەی ٪ 74 بەشی پێداویستیەکانیان ناکات وە بۆ قۆناغی پیشەیی بڕی 625.000 / دینار دابین دەکرێت کە بە رێژەی ٪ 38 بەشی پێداویستیەکانیان ناکات .

## خشتەی ژمارە(5)

### قۆناغەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان

| ژ | نیشاندەر | جۆری نیشاندەر | باخچەی ساوایان | سەرەتایی + بنەڕەتی | ئامادەیی | پیشەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ژمارەی قوتابیان | نێر | 64 | 305 | 396 | 197 |
| | | مێ | 65 | 262 | 416 | 114 |
| 2 | ژمارەی مامۆستایان | نێر | 3 | 23 | 17 | 34 |
| | | مێ | 13 | 29 | 21 | 23 |
| 3 | دابینکردنی پێداویستیە لاوەکیەکان لەلایەن وەزارەتەوە | بەڵێ | | 12% | 12.00% | |
| | | تارادەیەك | 83% | 55% | 72% | 67% |
| | | نەخێر | 17% | 33% | 16% | 33% |
| 4 | چۆنیەتی خەرجکردنی بوودجە | سالانەیە | 50% | 38% | 33% | 13.00% |
| | | مانگانەیە | 50% | 2% | 4.00% | 25% |
| | | هەفتانەیە | | | | |
| | | نیە | | 49% | 47% | 29% |
| | | نازانم | | 11% | 16% | 33% |
| 5 | چۆنیەتی دابینکردنی بوودجە | دانیشتنی هاوبەش | 25% | 19% | 7.00% | |
| | | لەسەرەوە دێت | 50% | 21% | 44% | 38% |
| | | لەلایەن خۆتانەوە | 25% | 30% | 29% | 29% |
| | | نازانم | | 30% | 20% | 33% |
| 6 | بڕی بوودجەو هەڵسەنگاندنی | بڕ / دینار | 1.117.000 | 2.776.641 | 3.379.031 | 625 |
| | | بەشدەکات | | 4.00% | 14% | 25% |
| | | بەشناکات | 88% | 83% | 74% | 38% |
| | | نازانم | 12% | 13% | 12% | 37% |
| 7 | هەبونی پلانی ساڵانە لە بواری بوودجە | بەڵێ | 59% | 32% | 67% | 70% |
| | | نەخێر | 41% | 68% | 33% | 30% |
| 8 | ئەو بڕە بوودجەیە چەندە کە ساڵانەبەشی خوێندگاکەتان دەکات / دینار | | 6.625.000 | 6.799.230 | 8.681.250 | 25.175.000 |
| 9 | سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای زانیاری | باش | | 8% | 13.00% | |
| | | ناوەند | 8.00% | | | 25% |
| | | خراپ | | 14% | 34% | 38% |
| | | هیچ | 92% | 78% | 53% | 37% |

**دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ساڵانە قوتابخانەکان بەرنگاریان دەبنەوە سەبارەت بە بواری خەرجی ودارایی :**

⋆ گیروگرفت لە شێوازی بەکرێ دانی فروشگاکان و گرانی بەکرێدانی فرۆشگای قوتابخانەکان کاردانەوەی هەیە لەسەر فرۆشتنی بابەتەکان وەلەکۆتایدا قوتابی زەرەرمەند دەبێت.

⋆ ناکرێت تەنها پشت بە داهاتی فرۆشگا ببەسترێت بۆ پڕکردنەوەی کەموکوریەکانی قوتابخانە , بۆیە پێویستە بوودجەیەکی تر دابین بکرێت لەلایەن حکومەتەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی تر.

⋆ نەبوونی فەرمانبەرێکی ژمێریاری لە قوتابخانەکان بۆ رێکخستنی کارەکانی دارایی .

⋆گەرانەوەی ٪25 بڕی پارەی وەرگیراو لە کرێ فرۆشگا بۆ وەزارەت.

⋆ نەبوونی سەردانی مەیدانی لەلایەن تیمێکی وەزارەتەوە بۆ قوتابخانەکان بەمەبەستی لێکۆلینەوە بۆ پێداویستی کەموکوریەکانی قوتابخەنەکان .

⋆ساڵانە ٪50 پێداویستییەکان لەلایەن وەزارەتەوە وەرناگیرێت وە ئەوەی تریشی لەکاتی پێویستی خۆی ناگاتە دەستمان .

⋆ بێ متمانە لەلایەن ب.گ پەروەردەوە بە بەرێوەبەری خوێندنگاکان وە پێنەدانی دەسەلآت لە کاتی خەرجکردنی ئەو برە پارەی کە هەیە ئەمەش وای کردووە برێکی زۆری پارەکە بۆ کرێی هاتوچۆ خەرج بکرێت بۆ وەرگرتنی رەزامەندی .

⋆ رۆتینیکی زۆر لەشێوازی خەرج کردنی وەسلەکان و پسووله خەرجیەکان.

⋆ نەبونی پلانێکی تۆکمە بۆ رێکخستنی دارایی قوتابخانەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە .

⋆ نەبوونی وەسلی تایبەت بۆ هەندێ شتی کتوپڕ کە روودەدات وە پێویستی بە چارەسەری خێرا هەیە وەك سوتانی کارەبا ئەمەش کێشە بۆ لیژنەی خەرجی دروست دەکات .

⋆نەبونی شێوازێکی تایبەت بە چۆنیەتی پۆلینکردنی خەرجیەکان وە دەرکردنی رێنمای دارایی لە پڕ.

## راسپاردە و پێشنیارەکان:

⋆ بەهۆی ئەو گرفتەی کە خوێندنگاکان تێ کەوتون لە نەبونی بوودجەو پارەدارکردن , کە یەکێك لە ئاسەوارەکانی بریتیە لە پاککردنەوەی خوێندنگاکان لە لایەن خودی خوێندکارانی هەر خۆێندنگایەك ئەمەش بەئاماژەی بەرێوەبەر ومامۆستاکانیان. بۆیە پێشنیار دەکەین وەزارەتی پەروەردە گرێ بەست لەگەڵ چەندین کۆمپانیای خاوێنکەرەوە بکات بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن وەکو چۆن زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەت ئەم جۆرە گرێبەستەیان ئەنجام داوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوە وەکو وەزارەتی پلاندانان بەنمونە پێویستە بەفەرمی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بودجەیەك تەرخان بکرێت بۆ ئەم مەبەستە.

⋆ دابینکردنی بوودجەیەکی تایبەتی ساڵانی و بە شێوەکی لامەرکەزی کە تارادەیەك بتوانرێت کێشە داراییەکان وپێداویستیەکان چارەسەر بکات کە نزیك بێت لە ستاندەری جیهانی بۆ بەرێوەبردنی کارەکان .

⋆ دابین کردنی بوودجە لەکاتی خۆیدا بێت .

⋆ لە دانانی بڕی بوودجە بۆ هەرقۆناغێك لە قۆناغەکانی خۆێندن دەبێ رەچاوی شۆینی جوگرافی وژمارەی قوتابیان و ئاستەکانی خوێندن بکرێت بەمەبەستی جێبەجێ کردنی چالاکیە جۆراوجۆرەکان.

⋆ گەڕەنەوەی تەواوی پارەی حانووت و دابینکردنی بوودجەیەکی تایبەت و دەسەلاتی خەرجکردن بدرێ بە ئیدارەی خوێندنگا .

⋆ کەم کردنەوەی ڕۆتین لەکاتی وەرگرتنی بوودجە .

⋆ کردنەوەی بانکێکی تایبەت لە هەر شارێکدا بۆ راپەڕاندنی کاروباری دارایی پەروەردەیی.

⋆ ئەو بڕە بوودجەی کە ساڵانە تەرخان دەکرێت پەیوەست بێت بە ژمارەی قوتابیانەوە بۆ نمونە ئەگەر رێژەی قوتابیان 2٪ زیادبکات ئەوا پێویستە بوودجەکەش بەهەمان شێوە زیادبکرێت .

⋆ بوودجەو خەرجیەکان پێوەستە بەشێوەیەکی شەفاف باسی لێوەبکرێت وسەرجەم مامۆستاو کارمەندی خوێندنگای لێ ئاگادار بکرێتەوە چۆن وبەچ شێوەیەك ولەسەر چ بنەمایەك خەرج دەکرێت.

★ بابوودجەی خوێندنگاکان لەسەر حانوت نەبێت چونکە کاردانەوەی دەبێت لەسەر فرۆشتنی بابەتەکان .

★ دانانی یەکەیەکی ژمێریاری لە هەرقوتابخانەیەك بۆ بەرێوەبردنی کاری دارایی وەك بوودجە ، مووچە ، سەرمووچە ، بەرزکردنەوەی پلەی مامۆستایان .

★ خەلاَتکردنی ئەو قوتابخانانەی کەبەکەمترین بوودجە باشترین خزمەت پێشکەش دەکەن ئەمەش بەمەبەستی هاندان.

★ بەباش دادەنرێت لەیەك کاتدا هەردوو سیستەم ( مەرکزی ، لامەرکەزی ) جێ بەجێ بکرێت واتا کارەکانی قوتابخانە بکرێت بەدوو بەش هەندێکیان بەمەرکەزی بێت وەك ( نۆژەن کردنەوە ، کڕینی کورسی دانیشتن ، تەختە ، نەوت ) وەهەندێکیان بە لامەرکەزی بێت وەك پێداویستییە ڕۆژانەکان ( وەرقە ، قەلەم ، ئاوی خواردنەوە ، چاککردنەوەی کارەباو ئاو و ئاوەڕۆکان .... هتد )

## سەرچاوەكان :


⋆ ئەحمەد عەبدولرەحمان , خوێدنەوەیەك بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێركردن لە هەرێمی كوردستان وعێراقدا, ئابووری سیاسی ,گۆڤارێكی وەرزییە سەندیكای ئابووریناسی كوردستان دەریدەكات , ژمارە 26 ساڵی هەشتەم 2009 .

⋆ ئەیوب ئەنوەر سماقەیی , دارایی گشتی , 2007 .

⋆ د. ابراهیم محمد علی الجزراوی . التخگیگ المالی محدداته وفوائده . ژمێریار / ژمارە (5) / ساڵی سێیەم/2005 .

⋆ موزەفەر هەمزە رەزا . شیكردنەوەیەكی ئابووریانە بۆ پێكهاتە وتەرخانكردەكان . لەبلاّوكراوەكانی گۆڤاری ئابووری سیاسی / سەندیكای ئابووریناسی كوردستان / ژمارە (1) ساڵی 2011 .

⋆ پەروەردەو فێركردن , هەنگاوێك بەرەو لامەركەزییەت دوو هەنگاو بەرەو دیموكراسی / گۆڤارێكی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان دەری دەكات / ژمارە (8) 2012 .

⋆ دیمەنانەیەكی ( سبەی ) لەگەڵ بەرێز ئەحمەد عەلی , نیەتێك نیە بۆ دەستبەرداربونی مەركەزی / 2011/11/27 .

هەرێمی كوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پلان دانـــــان
ب.گ. پلان دانانی ستراتیجی
ب.پەروەردەو خوێندن و رۆشنبیری
ژمارە:
ڕێكەوت: ٢٧ی گوڵان

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Planning

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التخطيط
المديرية العامة للتخطيط الاستراتيجي
م.التربية والتعليم والثقافة

No.:
Date: ٢١/٥/٢٠١٤

بۆ / وەزارەتی پەروەردە / ب.گ پلاندانان وبەدواداچوون

بابەت / ئاسانكاری

وەك ب.گ پلاندانانی ستراتیجی كاردەكەین لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و شیكردنەوە بە مەبەستی ناسینی گرفتە ئابوری وكۆمەلآیەتیەكان . جا بۆئەم مەبەستە هەڵدەستین بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەبواری بوودجەو خەرجیەكانی سالآنەی خوێندنگاكان بە گشت قۆناغەكانیانەوە .

داواكارین لەبەرێزتان ڕەزامەندی بفەرمون بە ئاسنكاری كارەكانمان لەو خوێندنگایانەی كە سەردانیان دەكەین لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بۆمەبەستی توێژینەوەكە .

لەگەڵ ڕێزدا

ئەندازیار
نوزاد توفیق سەرهەنگ
ب.گ پلان دانانی ستراتیجی

وێنەیەك بۆ:
* نوسینگەی بەرێز وەزیر / بۆئاگاداریتان لەگەل ڕێزدا.
* دۆسیەی ب.گ . پلاندانانی ستراتیجی.
* ب. گ كارگێری ودارایی / بۆئاگاداریتان لەگەل ڕێزدا.
* ب. پەروەردە و خوێندن وروشنبیری/ ب.گ پلاندانانی ستراتیجی / بۆ بەدواداچوونەوە.
* خولاو.

Website: www.mop-krg.org
E-mail: mop.pdpc@gmail.com

| هەرێمی کوردستان - عێراق | | إقليم كوردستان - العراق |
|---|---|---|
| ئەنجومەنی وەزیران | Kurdistan Regional Government | مجلس الوزراء |
| وەزارەتی پەروەردە | Council of Ministers | وزارة التربية |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی پ.هەولێر | Ministry of Education | المديرية العامة لتربية اربيل |
| بەڕێوەبەرایەتی پلان دانانی پەروەردەیی | | مديرية التخطيط التربوي |
| لێکۆلینەوەو پشکنین | | |

ژمارە: ١١٤٤
ڕێکەوت: ٧ / جۆزەردان

No:
Date: / /٢٠١٢

هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر
دەرکرده

بۆ / بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ، دەشتی هەولێر ، خەبات ، شەقلاوە ، ڕواندز ، سۆران ، مێرگەسۆر ، چۆمان
مەخموور ، کۆیە
ب/ ئاسانکاری

ئاماژە بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی ژمارە ( ٨٨٤٩ لە ٢٠١٢/٥/٢٢ ) کەتیایدا هاتوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانی ستراتیجی/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و خوێندن و ڕۆشنبیری هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەبواری بوودجەو خەرجیەکانی ساڵانەی قوتابخانە و خوێندگاکان بەگشت قوناغەکانیەوە بۆیە بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری قوتابخانەکانی سنووری خۆتان بکەن لە کاتی سەردانی تیمی توێژینەوەی زانستی و شیکردنەوە بەمەبەستی ناسینی گرفتە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان داواکارین هاوکاری و ئاسانکاری تەواویان پێشکەش بکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە

لەگەڵ ڕێزدا

بکر کريم حسن
بەڕێوەبەری گشتی

وێنەیەك بۆ ///
- لێکۆلینەوەو پشکنین / لەگەڵ هاوپێچ.

Kurdistan Region - Erbil
Phone :
E- mail :info@kurdistan-moe.org
هۆبەی /لێکۆلینەوەو پشکنین......اواز عبدالرحمن.

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
بەڕێوەبەرێتی پلانی پەروەردەیی

Iraqi Kurdistan Regional
Council Of Ministers
Ministry Education

إقليم كوردستان ـ العراق
مجلس الوزراء
وزاره التربيه
المديرية العامة لتربية السليمانية
مديرية التخطيط التربوي

ژمارە : ٢٨٩٥٧
بەروار : ٢٣/ ٩/ ٢٠١٢
/ / ٢٧١٢ کوردی

العدد:
التأريخ: / / ٢٠١٢

بۆ/ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی « مەڵبەندی سلێمانی،دوکان، پشدەر، دەربەندیخان ، شارباژێر ،چەمچەماڵ،پێنجوێن، ڕانیە ، هەڵەبجەی شەهید،شارەزوور،سیدصادق، قەرەداغ»

بابەت / ئاسان کاری

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی نوسراوی وەزارەتی پەروەردە/بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی/بەڕێوەبەرێتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەروونی ژمارە(٨٨٤٩) لە بەرواری ٢٢/٥/٢٠١٢ بۆ تان دەنێرین سەبارەت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و شیکردنەوە بە مەبەستی ناسینی گرفتە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان .

لەگەڵ ڕێزدا...

جبار حمه احمد
بەڕێوەبەری گشتی

**هاوپێچ :**
- فۆرمی زانیاری .

وێنەیەک بۆ:
- ى.ب.گشتی بۆ کاروباری تەکنیکی / بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا...
- سەرجەم باخچەی ساوایان و قوتابخانەو خوێندنگاکان/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرێتی پلانی پەروەردەی
- پلان
- ئەرشیف

| | | |
|---|---|---|
| **هەرێمی کوردستان- عێراق**<br>**ئەنجومەنی وەزیران**<br>**وەزارەتی پەروەردە**<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان<br>ب.خویەتی ومیلاکات<br>( خوی ئامادەیی ) | **Kurdistan Regional Government**<br>Council of Ministers<br>Ministry of Education | **إقليم كوردستان - العراق**<br>**مجلس الوزراء**<br>**وزارة التربية**<br>المديرية العامة للتربية گرميان<br>م.الذاتية والملاك<br>( ذاتية الاعدادية) |

ژمارە: ٢٠٤٠٦ — التاريخ : / /

ڕەزبەر ٢٧١٢ كوردى — بەروار ٢٩/٩/٢٠١٢

**بۆ /سەرجەم خوێندنگا وقوتابخانە وباخچەکانی سنوری پەروەردەکەمان**

**ب/ گشتاندن**

**هاوپێچی نوسراومان نوسراوی ب.گشتی پلانانی پەروەردەیی/ب.توێژەرانی کۆمەلایەتی ودەرونی ژمارە( ٨٨٤٩ ) لە٢٠١٢/٥/٢٢ بۆ بەڕێزتان دەنێرین بەمەبەستی کارکردن بە ناوەڕۆکی نوسراوەکە....**

**لەگەڵ ڕێزدا .**

**هاوپێچ //**

**نوسراوی وەزارەتی پەروەردە**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان
دەرکردن
ژمارە : بەروار :

**سالار حسين محي الدين**
**بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە بەوەکالەت**
**٢٠١٢/١٠/١٢**

**وێنەیەك بۆ//**

- ب. پەروەردەی کفری بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە
- ب. پەروەردەی خانقین بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە
- خویی ئامادەیی
- /خوولاو

٢٠ ...

**ب.خ.هاوار محمد** — **ل.خ.ئا.اياد يوسف**

هەرێمی کوردستـــان - عێراق
ئـــەنجومـــەنی وەزیـــران
وەزارەتـــا پـــەروەردێ
ڕێڤەبەریا گشتی یا پەروەردا پارێزگەها دهوکێ
ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا پەروەردێ / هوبا نەخشەدانانێ

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

إقليم كوردستان - العراق
مجلـــس الـــوزراء
وزارة التـــــربيـــة
المديرية العامة لتربية محافظة دهوك
مديرية التخطيط التربوي/ شعبة التخطيط

ژمارە: ٨٩٤٨
ڕێکەوت: ١٢ / ٢ /٢٧١٢ کوردی

No:
Date: ٢ / ٦ ٢٠١٢

بۆ/ ڕێڤەبەرێن پەروەردێن قەزا دهوك-سێمیل-زاخو-ئامێدی- ئاکری- شیخان-بەردەرش-شنگال-تلکیف-دەڤەرا زمار

ب/ گشتاندن

لدیف نڤێسارا وەزارەتا پەروەردێ بەرێوەبەرایەتی گشتی پلانی پەروەردەیی یا ژمارە ( ٨٨٤٩) ل ٢٠١١/٥/٢٢ هەڤپێچی نڤێسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا پلانا ستراتیجی وخوێندنا ڕەوشەنبیری یا ژمارە (٢٣٤٣) ل ٢٠١١/٢/٣١ سەبارەت ئەنجامدانا توێژینەوەی زانستی ب مەبەستا دیارکرنا گرفتێن کومەلایەتی هیڤیدارین هاریکاری و ئاسانکاری بو بهێتە کرن دگەل ڕێز گرتنێ.

هەڤپێچ:-
نڤێسارا وەزارەتا پەروەردی

عبد یوسف احمد
ڕێڤەبەرێ گشتی
٢٠١٢ / ٦ / ٢

وێنەیەك بۆ:-
*وەزارەتا پەروەردێ /بەرێوەبەرایەتی گشتی پلانی پەروەردەیی/ بفەرموون نڤێسارا هەوە ل سەری دیار کری دگەل ڕێزگرتنێ
*ڕێڤەبەریا نەخشەدانان پەروەردێ
*نەخشەدانان/ دگەل دەسپێکا
* بادەکا زڤروك


هەرێمی کوردستان - دهوك/جادا سولاڤ – ٣٧- ١٠٠٩ , اب
E- mail :info@kurdistan-moe.org
Kurdistan Region – Dohuk . silav road – ٣٧ _ ١٠٠٩
. ab
Tel : ٠٦٢٧٢٢٧٧٤٤

بەرپرسا هوبا نەخشەدانانێ/ صبریە★ ٢٠١٢/٦/٢ ★

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البحث والتطوير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No: ژمارە: ١٦٥٠٠/٩
Date: ڕێکەوت: ٢١/٨/ ٢٠١٢ ی زایینی
/ ٢٧١٢ی کوردی

بۆ/*گشت زانکۆکان-نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ.

-نوسینگەی بەڕێز ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا .

*دەستەی خوێندنی تەکنیکی هەولێر/سلێمانی- نوسینگەی بەڕێزسەرۆکی دەستە.

-نوسینگەی بەڕێز ی. سەرۆکی دەستە بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا .

*دەستەی کوردستانی، بۆ دراساتی ستراتیجی و لێکۆڵینەوەی زانستی- نوسینگەی بەڕێزسەرۆکی دەستە.

*ئەنجومەنی باڵای کوردستانی، بۆ پسپۆرایەتیە پزیشکیەکان- نوسینگەی بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.

بابەت /هەماهەنگی

ڕێزو سڵاو

هاوپێچ نوسراوی وەزارەتی پلاندانان –بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی ژمارە (٤١٣٥) لە (٢٠١٢/٧/٢٤)، سەبارەت هەماهەنگی کردن لەگەڵیان لەبواری سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانیان. تکایە بۆ کاری پێویست

لەگەڵ ڕێزدا...

د. محمد صبري ئاكرەيي
بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی توێژینەوەو پەرەپێدان

وێنەیەک بۆ/ * نوسینگە ی بەڕێز جەنابی وەزیر.ئاماژە بە پەراوێزتان لە (٢٠١٢/٨/١٢).لەگەڵ ڕێزدا.
* وەزارەتی پلاندانان –بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی. ئاماژە بە نوسراوتان لەسەرەوە. لەگەڵ ڕێز دا.
*فەرمانگەی توێژینەوەو پەرەپێدان.لەگەڵ بەراییەکان.
*دەرکردە/خولاو.

Niaz 12/8/2012

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
Phone:
www.mhe-krg.org
E–mail:
هەرێمی کوردستان– هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
تەلەفۆن:

ناوەڕوکی فۆرمی راپرسی بەکارهێنراوو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان :

رێزدار بەرێوەبەرو مامۆستایانی قوتابخانە - خوێندنگا :

ئەم فۆرمەی لە ژێر دەستت دایە بریتی یە لە کۆمەڵە پرسیارێك دەربارەی واقعی کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان لە بواری خەرجی ودارایيدا , بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی ئەم کەرتە زیندوەیە وهەروەها زیاتر خزمەت کردنە بە رەوشی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان . وە کردارێکە بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ گرفتەکانی خەرجی ودارایی خوێندنگاکان .

1- ناو ی قوتابخانە – خوێندنگا

..............................................................................................

2- قۆناغی قوتابخانە – خوێندنگا

..............................................................................................

3- شوێنی قوتابخانە – خوێندنگا

..............................................................................................

4-ژمارەی قوتابیان - خوێندکاران رەگەزی نێر + رەگەزی مێ بە پێی سالآنی 2010 – 2011 / 2011- 2012

5- ژمارەی مامۆستایان رەگەزی نێر + رەگەزی مێ بە پێی سالآنی2010-2011 / 2011- 2012

6- ئایا ب.گ پەروەردەیی سنووری پارێزگاکەتان توانیویەتی پێداویستی یەکانی پەروەردەیی قوتابخانەکەتان دابین بکات ؟ ئەگەر نەیتوانیوە هۆکارەکانی چین ؟

بەڵێ

تاڕادەیەك

نەخێر

ئەگەر وەلآمەکەت بەنەخێرە یان هەر سەرنجێکی ترت هەیە تکایە لێرەدا بنوسە :

..............................................................................................

..............................................................................................

7- بودجەی خوێندنگاکەتان لە رووی گوژمەی پارەوە چۆن خەرج دەکرێت ؟

ســالأنەیە

مـانگانەیە

هەفتانـەیە

نیـــە

نـــازانم

8- خوێندنگاکەتان چۆن بڕی بوودجەو پێشینەی بۆ دابین دەکریت ؟

دانیشتنی هاوبەش

لـەســـــەرەوە دێت

لەلایەن خۆتانەوە

نـــازانـــم

9- بری بوودجەکە چەندە و ئایا بەشی دابین کردنی پێداویستییەکانی ئەو ماوەیەتان دەکات ؟

بڕ / دینار................

بەش ناکات

نـــازانـــم

10- ئێوە وەك قوتابخانە – خوێندنگا پلانی سالأنەی خۆتان هەیە بە تایبەتی لە بواری بوودجەو دارایی ؟

بەڵێ

نەخێر

11- ئەگەر بوودجەیەکی تایبەت وفەرمی بۆ خوێندگاکەتان سالأنە دابین بکرێت , بڕی چەند بەش دەکات بۆ تەواوی ساڵەکە ؟

..........................................................................................................................

..........................................................................................................................

12- دەستنیشانی ئەو کێشەو گرفتانە بکەن کە سالأنە بەرەنگاری دەبنەوە سەبارەت بە بواری بوودجەو خەرجیەکانی تایبەت بە خوێندنگاکەتان .

......................................................................................................................

......................................................................................................................

13- تا چەند خوێندگاکەتان سوودی لە تەکنۆلۆجیای زانیاری وەرگرتووە ؟

بـــــاش

تاڕادەیەك

هـیـــچ

14- ڕاو دیدی بەرێزتان  سەبارەت بە بودجەو خەرجیەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ بەرەو پێشچونی کارەکان .

......................................................................................................................

......................................................................................................................